Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

TURVAPAIKKA-, MAAHANMUUTTO- JA KOTOUTTAMISRAHASTO
Euroopan unionin tuella

# ڕێنمایی بۆ لێدوانی پەنابەرێتی

بانگ کراویت بۆ لێدوانی پەنابەرێتی لە لە فەرمانگەی کۆچ. ئەم ڕێنماییە لەسەر ماف و ئەرکەکانتە لە لێدواندا، لەگەڵ بەخێوکەری خۆت پێداچوونەوەی لەسەر بکەن. ئەگەر پرسیارێکت هەبێت، دەتوانیت لە بەخێوکەری خۆت یان لە سەرەتای لێدوانەکەدا لە کارمەندی فەرمانگەی کۆچ پرسیار بکەیت.

## مەبەستی لە لێدوان چییە؟

- بنەماڵەکەت لە فینلەندا داوای پەنابەرێتییان کردووە. لە لێدواندا فەرمانگەی کۆچ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە دەکات کە بە چ هۆیەکەوە داوای مافی پەنابەرێتیتان کردووە و بۆچی ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان.
- بەخێوکەرانی تۆ لە لێدوانی تایبەت بە خۆیاندا باس لە هۆیەکانی خۆیان بۆ داواکردنی پەنابەرێتی و هۆکار ە گشتییەکانی بنەماڵە دەکەن.
- مەبەستی لەم لێدوانە ئەوەیە کە دەرفەت بدرێ قسە گرینگەکانی خۆت باس بکەی. بە دڵی خۆت دەتوانی ئەو شتە ناخۆشانە بەسەرت هاتوون بیانگێڕییەوە و ئەگەر لە شتێک دەترسی باسی بکەی. چۆن بۆ خۆت پێتخۆشە ئاوا قسە بکە، ئەگەر پێویست بکا لێپرسکەرەکە بۆ یارمەتی خۆت پرسیارت لێدەکا تا باشتر قسەکانت بکەی. گرینگە کە لەم چاوپێکەوتنەدا ئەوەی دەیزانی لەسەر هەمووی بابەتەکان بە تێروتەسەلی باسیان بکەی.

## ماف و ئەرکەکانت لە لێدواندا چین؟

- بەخێوکەری خۆت لە لێدواندا لەگەڵت دەبێت. هەروەها بۆ ماوەیەکی کورت هەر بە تەنها لەگەڵ خۆت قسە دەکرێ.
- مافتان هەیە لە لێدواندا پارێزەر بەکاربێن. بۆ ئامادەبوونی پارێزەر لە لێدواندا ئەو خۆی بڕیار دەدات.
- لە لێدوانەکەدا وەرگێڕی زارەکی بەکار دەهێنرێت کە بە زمانەکەی تۆ قسە دەکات. کاری وەرگێڕی زارەکی ئەوەیە کە بە بێلایەنی هەموو قسەکان وەرگێڕێ. وەرگێری زارەکی دەتوانێت لەوێ ئامادە بێت یان لەسەر تەلەفۆن یان بەڕێگای ڤیدیۆ بێت.
- لێپرسکەر و وەرگێڕی زارەکی و پارێزەر ئەرکی پاراستنی نهێنییان لەسەر شانە، بەم واتایە کە ئەوان ناتوانن ئەو قسانەی لە لێدوانەکەدا بیستوویانە لای هیچ کەسێکی دەرەکی بدرکێنن، تەنانەت لای ئەندامانی خێزانەکەی تۆش. بەڵگەنامەکانی سەبارەت بە بابەتەکەی تۆ بە نهێنی دەپارێزرێن.
- ڕاستگۆ بە. ئەگەر شتێک نەزانی یان لەبیرت نەبێت، لە خۆتەوە قسە درووست مەکە. بڵێ کە نازانم یان لەبیرم نیە.
- لە لێدوانەکەتدا ناو و کاتی لەدایکبوونت ڕاست بڵێ. ئەگەر لە دواییدا ویستت زانیارییەکانی ناسنامەییت بگۆڕی، بۆ ئەک مەبەستە دەبێ پاسەپۆرت یان بەڵگەنامەیەکی ناسنامەیی دیکەی فەرمی و یاسایی نیشان بدەی.
- (بۆ ئەو کەسانەی لە ١٥ ساڵ زیاترن) بە گوێرەی یاسا ئاراستە کردنی زانیاری ناسنامەیی چەوت بە تاوان دەژمێردرێ و ئەم کارەش سزای بەدواوە دەبێ.

## چۆن باشە خۆت بۆ لێدوان ئامادە بکەیت؟

- بەر لە لێدوان دەگەڵ بەخێوکەری خۆت پێداچوونەوە بەو ڕێنمایی و نامیلەکانەوە بکەن کە لە لایەن کارگێڕانەوەی پێتدراون. هەروەها گرینگە هەموو ڕێنمایی و زانیارییەکانی دابەشکراو لەسەر ڕێوشوێنی ناسراو بە فەرماننامەی دابلین بخوێنییەوە. ئەگەر تۆ تا ئێستاش ئەم نامیلکانەت دەست نەکەوتوون، لەم ناونیشانەوە سەردانی ویبپەڕی فەرمانگەی کۆچ بکە: migri.fi/esitteet-ja-julkaisut. بەدوای ئەویش دا کە لاپەڕەکە کرایەوە کرتە بکە لەسەر ئەم بابەتە Turvapaikka ja Dublin-menettely و لەوێدا زانیارییەکان دەدۆزییەوە.
- ئەگەر بتهەوێ وەرگێڕی زارەکییەکە ژن یان پیاو بێ، هەرچی خێراتر بەر لە لێدوانەکەت ئەوە بە کارمەنەکانی ناوەندی پێشوازیکردن لە پەناخواز بڵێ و ئەوانیش خواستەکەت بە فەرمانگەی کۆچ ڕادەگەیەنن.
- ئەگەر بواری تەندروستیت ئەوها بێت کە کارتێکردنی لەسەر لێدوانەکەت دەبێت، باسی ئەوە بۆ بەخێوکەرەی خۆت یان بۆ کارمەندەکانی ناوەندی پێشوازیکردن لە پەناخواز بکە. ناوەندی پێشوازیکردن لە پەناخواز بە ڕەزامەندی تۆ یان بەخێوکەری خۆت ئەوە بە فەرمانگەی کۆچ ڕادەگەیێنێت.

## لە ڕۆژی لێدواندا لە فەرمانگەی کۆچ ئاوەها بکە

- بەر لە دەستپێکردنی لێدوان وەرە بۆ شوێنەکە.
- کە دێیت بۆ فەرمانگەی کۆچ، لەوانەیە پشکنینی پاراستنت بۆ بکرێ.
- ئەگەر کارتی دانیشتویی ناوەندی پێشوازیکردن لە پەناخواز هەبێت، لە بەر دەرگای فەرمانگەی کۆچ پێشانی پاسەوانەکانی بدە.
- تەنیا کەسەکانی بانگکراو بۆ لێدوان و ئەو کەسانەش کە پێشتر فەرمانگەی کۆچ ڕێگای پێداون، دەتوانن بێنە ناو هۆڵی چاوەڕوانی.

- ئەگەر بتەوێت یارمەتیدەرێک لەگەڵت بێت، بەر لە کاتی لێدوان دەبێ یارمەتیدەرێک خۆی داوای ڕێگا پێدانی لە فەرمانگەی کۆچ بکات. ئەگەر پێشتر ئەو داوای نەکردبێت، لێپرسکەرەکە بڕیار دەدات کە مافی ئامادەبوون بەو کەسە دەدات یان نا. یارمەتیدەر پارێزەر نیە و بەشداری لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکاندا نابێ.
- لێپرسکەرەکەت کارمەندێکی فەرمانگەی کۆچە.
- لێپرسکەر خۆی بەدواتاندا دێت و تۆ و بەخێوکەرەکەت لە هۆڵی چاوەڕوانی بانگ دەکات.
- دەنگی لێدوانەکەت تۆمار دەکرێت. لە ژوورەکەدا هەروەها کامێرای چاودێری تۆمارکەر هەیە.
- لەماوەی لێدواندا ئەوەندەی پێویست بکا پشوودان دەکەین، ئەگەر پێویست بوو ئەتۆش دەتوانی داوای پشوودان بکە.

## لە لێدواندا چی دەکرێت؟

- لە سەرەتای لێدوانەکەدا لێپرسکەر پێت دەڵێت کە چی دەکرێت و مسۆگەر دەکات کە دەزانێت مافەکان و ئەرکەکانت چین. پرسیار بکە ئەگەر شتێک تێناگەیت. بڵێ ئەگەر لە وەرگێڕی زارەکی تێنەگەیشتی.
- لێپرسکەر داوات لێدەکا بۆی بگێڕییەوە کە بۆچی لە وڵاتی خۆتان ڕاتان کردووە و باسی ئەوەش بکەی کە بۆچی ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان. ئەو هەروەها لەسەر ئەو قسانەی دەیانگێڕییەوە پرسیاری وردترت لێدەکا. وڵامی درووستکراو یان هەڕەمەکی بۆ پرسیارەکان مەدۆزەوە. بڵێ ئەگەر شتێک نازانیت یان لەبیرت نەماوە.
- لێپرسکەر ئەو قسانەی لە لێدوانەکەدا دەوترێن لە کۆمپیوتەردا وەک یاداشت دەنووسێتەوە کە پێی دەوترێ یاداشتانە یان کۆباس. لە کۆتاییدا پێداچوونەوەی بەسەردا دەکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە لێپرسکەر هەموو شتێکی ڕاست نووسیوە. وەرگێڕی زارەکی یاداشتنامەکەت بۆ دەخوێنێتەوە، ئەوکات ئەگەر هەڵەت تێدا بەدی کرد دەنگ بکە. ئەگەر هەڵەی تێدا بێ ئەوا ڕاست دەکرێتەوە و بەدوای ئەویشدا چاپ دەکرێ و ئەو کەسانەی لەوێ ئامادە بوونە واژۆی دەکەن. کۆپییەی یاداشتنامەکە دەدرێتە بەخێوکەرەکەت.

## فەرمانگەی کۆچ چۆن بڕیار دەدات؟

- بەگوێرەی داواکارییەکەتان لەوانەیە مافی پەنابەرێتی یان مافی نیشتەجێبوویتان پێبدرێ.
- فەرمانگەی کۆچ بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی بەخێوکەرەکەت داوییەتی، هەروەها شیکارییەکانی دیکە لەسەر بابەتەکە بڕیار دەردەکا. هەروەها بۆ ساخبوونەوە لەسەر بابەتەکە قسەکانی تۆش لەبەرچاو دەگیرێن.
- ئەگەر داواکەتان ڕەت بکرێتەوە، دەکرێ بنەماڵەکەت بگەڕێندرێنەوە، هەروەها هاتنەوەتان بۆ فینلەندا یان وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی شێنگێن قەدەخە بکرێ.
- (بۆ ئەو کەسانەی لە ١٥ ساڵ زیاترن) بە دوای ئەوەی دا کە بڕیاری فەرمانگەی کۆچ لەسەر داواکاری پەنابەرێتی ئێستاکەت برەوی جێبەجێکردنی یاسایی پەیدا کرد، و تۆ هۆکارێکی نوێت بۆ پەنابەرێتی بۆ دێتە پێش، دەستەوبەجێ داواکارییەکی نوێ بۆ پەنابەرێتی بدەوە. تۆ دەبێ ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە بدەی کە بۆچی ئەم هۆکاری نوێت پێشتر نەهێنابووە گۆڕی. لە ڕوونکردنەوەکەتدا دەبێ ئاشکرا بێ کە لە توانایی تۆدا نەبووە کاریگەریت لەسەری هەبێ. بەدوای ئەمەدا فەرمانگەی کۆچ بڕیار دەدا کە ئایا لێکۆڵینەوە لەسەر داواکارییە نوێیەکەت دەکا یان نا.